گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper3

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 20-04-2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 21-06-2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 28-02-2025

# مێتا ئەرک و کردەکان لە زمانی کوردیدا- لە ڕوانگەی زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمییەوە

**شادان حەمەئەمین محمد[1] - شیروان حسین حمد[2]**

shadanhamaamin2@gmail.com - sherwan983@uor.edu.krd

[1] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مێتائەرک و کردەکان لە زمانی کوردیدا-لە ڕوانگەی زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمییەوە)، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و باسکردنی هەریەک لە بابەتی مێتا ئەرک و کردەکان لە زمانی کوردیدا لە چوارچێوەی تیۆری ئەرکیی سیستەمی، لەم تیۆرەدا واتای زمان بریتییە لەو ئەرکەی کە زمان لە بەکارهێناندا دەیبینێت، واتە ئەرک و واتا یەکتر دەنوێنن و واتای هەر گوتنێک هەمان ئەو ئەرکەیە، کە گوتنەکە لە دەوروبەردا دەیبینێت، هەروەها لەم تیۆرەدا لە ڕێگای سیستەمی تێپەڕین(transitivity)ەوە جۆری کردەکان لە ڕستەدا دیاریدەکەین، تێپەڕین ئەوە پیشاندەدات کە چۆن بەکارهێنەرانی زمان وێنەی هزری و ناوەکی لە قاڵبی زماندا بەرجەستە دەکەن و بۆ جیهانی دەوروبەر ڕونیدەکەنەوە، ئەمەش بەشێکە لە مێتا ئەرکی بیریی، واتە زمان لە ڕێگەی تێپەڕینەوە ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕوداوەکان لە سنوری ژمارەیەکی دیاریکراو لە کردەدا پۆلێندەکات.

**کلیلە وشەکان:** زمانەوانی ئەرکیی سیستەمی، مێتا ئەرک، سیستەمی تێپەڕین، کردە، واتای بیریی.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە و تیشکخستنەسەر هەردو بابەتی مێتا ئەرک و کردەکان لە زمانی کوردیدا ئەم دو بابەتە لەبنەڕەتدا بەشێکی گەورە و گرنگن لەتیۆری زمانەوانی ئەرکیی سیستەمی زمانەوان هاڵیدای(Halliday)، کە لەسەر بنەمای ئەرک و واتا بنیاتنراوە، بەشە بنەڕەتییەکانی واتا لەم تیۆرەدا بریتین لە بەشە ئەرکییەکان و پێیاندەوترێت مێتائەرک (meta functions)، لەسەر ئەم بنەمایە هەمو زمانەکان لەدەوری دو جۆری سەرەکیی واتادا ڕێکخراون، کە بریتین لە واتای بیریی و واتای نێوان کەسی.

واتای بیریی تێگەیشتنە لە ژینگەی دەوروبەر، واتای نێوان کەسییش کارلێککردنە لەگەڵ کەسانی تر لەم ژینگەیەدا، ئەم دو بەشە واتاییەش لە ڕێگای واتای دەقیی(textual)ەوە پێکەوە دەبەسترێن، هەروەها لە ڕێگای سیستەمی تێپەڕینەوە

گوزارشت لە ڕوداو، پەیوەندی، دۆخ، بیر، دیاردەکان...هتد دەکەین. هەریەک لەمانەش بە کردەیەک(processes) دادەنرێن.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بەپێی سیستەمی تێپەڕینی هالیدای پۆلێنی کردەکان دەکات، هەروەها بەشە بنەڕەتییەکانی واتا بەپێی تیۆری ئەرکی لە زمانی کوردیدا دیاریدەکات.

**کێشەی توێژینەوەکە:** گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی ئەو پرسیارەی، کە ئایا کردەکان لە زمانی کوردیدا، دەتوانن بەهەمان شێوەی تیۆری ئەرکی پۆلێنبکرێن یاخود نا؟! ئایا بەشە بنەڕەتییەکانی واتا، کە پێیاندەوترێت مێتائەرک لە سیستەمی زمانی کوردیدا چۆن دیاریدەکرێن؟

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەیە بە ڕێبازی وەسفی شیکاریی پێشکەشکراوە و ڕستەش وەک دانەیەکی پێکهاتەیی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بۆ داتای توێژینەوەکە وەرگیراوە و لە دو بەش پێکدێت:

**لە بەشی یەکەمدا** باس لەم تەوەرانە دەکرێت: زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمی ، سیستەم، مێتا ئەرک، مێتا ئەرکی بیری، مێتا ئەرکی نێوان کەسی، مێتا ئەرکی دەقی.

**لەبەشی دوەمیشدا** باس لەم تەوەرانە کراوە: سیستەمی تێپەڕین، کردەکان، کردەی ماددی، کردەی هزری، کردەی پەیوەندیداری، کردەی ڕەفتاری، کردەی زارەکی، کردەی بون، لەکۆتاییی باسەکەشدا گرنگترین ئەنجامی بەدەستهاتوی توێژینەوەکە لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەهەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم

### ١/١ زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمی:

ئەم تیۆرە یەکێکە لە تیۆرەکانی زمانەوانیی ئەرکی، کە لەسەر بنەمای ئەرک و واتا بنیاتنراوە و بە کاریگەریی تیۆری سیستەم – پێکهاتە (system-structure theory)ی زمانەوان فێرس(Firth) هاتوەتە ئاراوە، (SFL) کە کورتکراوەی (Systemic functional linguistics)ە بەواتای زمانەوانی ئەرکیی سیستەمی دێت، هەروەها بەزمانەوانی سیستەمیی (systemic linguistics)ش ناو دەبرێت، پێش ئەمە هالیدای لەساڵی ١٩٦١ تیۆرێکی بەناونیشانی ڕێزمانی پێوەر و پۆلەڕەگەز (scale and category) خستەڕو، کەتیایدا چوارچێوەیەکی بۆ شیکاری زمانی نوسراو و گوتراو دیاریکرد، دواتر لەدەوری سنوری سیستەمدا سەرچاوەیگرت و ناویانلێنا زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمی، لە پێکهاتەی ئەم ڕێزمانەدا کۆمەڵێک چەمکی جیاواز هەن کە تایبەتمەندی سەرەکی و جیاوازیی ئەم تیۆرەیە بەبەراورد بەتیۆرەکانی تر:


**١/١/١ سیستەم system:** یەکێک لە چەمکە بنەڕەتییەکان کە لەم تیۆرەدا هەیە، چەمکی سیستەمە، ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی گشتی (ئاماژەیە بە تۆڕێک لە پەیوەندییە تێکئالاوەکان، کە زمان ڕێکدەخەن) (crystal, 2008: 472). لێرەدا زمان سیستەمێکە لە واتا کە لەگەڵ فۆرمدا هاوشان و هاوڕێ دەبێت، بۆیە بە پێچەوانەی بنیاتگەرەکانەوەیە، کە تیایدا فۆرمەکانی زمان کەرەستەیەکن لە خزمەتی ئامانجێکدا بە ناوی واتا. تیۆری ئەرکیی سیستەمی لەسەر بنەمای واتا و هەڵبژاردن بنیاتنراوە، لەم ڕوانگەیەوە زمان تۆڕێکە لە سیستەمە تێکئالاوەکان کە لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە واتا دەگەیەنێت، هەر خاڵێکی تۆڕەکەش کە هەڵبژاردنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت دو ڕەگەز لەخۆدەگرێت:

أ- ژینگەی دەوروبەری هەڵبژاردەیەک، کە لە هەڵبژاردەکانی پێشوترەوە دروستکراوە.

ب- کۆمەڵێک ئەگەری نویٚ کە دەبێت لە نێوانیاندا هەڵبژاردن بکرێت.

ئەم دو خاڵەش پێکەوە سیستەمەکە پێکدەهێنن(Halliday & Matthiessen, 2014: 40).

بەم پێیەش زمان و سیستەمە نیشانەییەکانی تر وەکو تۆڕێک لە هەڵبژاردە بەیەکەوە بەستراوەکان لێکدەدرێنەوە، هەروەها ئەم ڕێزمانە سیٚ چین یان سیٚ ئاست بۆ زمان دیاریدەکات، واتە زمان بە سیٚ ئاست لە کۆدکردن دەزانێت، کە بریتین لە: ئاستی واتایی، ئاستی فەرهەنگی – ڕێزمانی، ئاستی دەنگی – نوسین، لەم هێڵکارییەدا خراونەتەڕو:




هێڵکاری ژمارە (١) ئاستەکانی بەکۆدکردنی زمان (Halliday & Hasan, 1976: 5).

لە ڕونکردنەوەی ئەم هێڵکارییەدا دەبێت بوترێت، واتا لە فۆرم (وشە)دا کۆد دەکرێت و فۆرم (وشە)ش لە دەنگ یان نوسیندا کۆد دەکرێت، لەم تیۆرەدا واتا ئەو بیرەیە کە بەبیٚ وشە ناتوانرێت دەربڕدرێت و پێویستە لەقاڵبی فەرهەنگی – ڕێزمانییدا، واتە وشە و پێکهاتەدا دابنرێت، تا توانای دەربڕینی هەبێت، لە سیستەمی فەرهەنگی – ڕێزمانییدا هەڵبژاردنێک لە پۆلی ڕێزمان و پۆلی وشەسازیدا هەیە، بۆیە دەکرێت بڵێین سیستەمی هالیدای سیستەمێکی فەرهەنگی ڕێزمانییە، واتە مەبەستی قسەکەر لەڕێگەی کەرەستەکانی فەرهەنگ و ڕێزمانەوە و لە قاڵبی ناوەکان، کردارەکان، کەرەستە ڕێزمانییەکان...هتددا کۆد دەکرێن، بەڵام (هەڵبژاردن لە پۆلی ڕێزمانیی گشتی ترە لە کاتێکدا هەڵبژاردنی وشەیی تایبەتتر و وردترە و ڕێزمان پۆلێکی داخراوە و وشەسازییش پۆلێکی کراوەیە، واتە ڕێزمانی هەر زمانێک سنورداره و لەقۆناغەکانی گەشەکردنی زماندا ناگۆڕێت، بەڵام ڕۆژانە چەندین وشەی نویٚ بۆ زمانەکە زیاد دەبێت)(سرفرازی، ١٣٩٨: ٤٠).

چۆنێتی هەڵبژاردنیش لەناو سیستەمەکەدا بە شێوەیەکە، هەرکاتێک هەڵبژاردنێک لەنێوان ئەگەرەکانی ناو سیستەمێکدا ئەنجام بدرێت، جارێکی تر ڕوبەڕوی سیستەمێکی تر دەبینەوە، کە دەبێت لەنێوان ئەگەرەکانیدا هەڵبژاردنێکی تر بکەین، واتە هەر هەڵبژاردنێک کە دەکرێت، وەکو ژینگەیەک بۆ سیستەمەکە و بژاردەی داهاتو کاردەکات، بەم شێوەیەش زنجیرەی هەڵبژاردن بەردەوام دەبێت تا ئەو واتایەی قسەکەر مەبەستێتی بەدەست دێت، بۆ نمونە ئەگەر ڕوبەڕوی سیستەمێک ببینەوە لە دو ئەگەری (أ) و (ب) پێکهاتبێت، دەتوانین (أ) یان (ب) هەڵبژێرین.

ئەگەر (أ)مان هەڵبژارد ئەوکاتە دەبێت لە سیستەمی داهاتودا لە سیٚ بژاردەی (ج)، (د)، (ه)دا یەکێکیان هەڵبژێرین، بەڵام ئەگەر لە هەنگاوی سەرەتادا (ب)مان هەڵبژاردبا ئەوە لە هەنگاوی دواتردا سیستەمێکی تر دەهاتە پێشمان بەسیٚ بژاردەی

جیاوازترەوە (و)، (ز)، (ر)، کە دەبو یەکێکیان ببێتە بژاردەمان، ئەم کردارەش تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە واتای مەبەستمان دەگاتە گوێگر(مهاجر و نبوی، ١٣٩٣: ٢٢-٢٣).

کەواتە پوختەی بابەتەکە ئەوەیە کە سیستەم نوێنەرایەتی کۆمەڵەیەکی ستونی دەکات، واتە کۆمەڵێک ئەگەر هەیە، کە دەتوانن لە هەمان ژینگەدا دەربکەون، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا تەنیا یەکێک لەو ئەگەرانە هەڵدەبژێرین، لەم چوارچێوەیەدا بژاردەکانی سیستەمێک پەیوەندی ستونییان لەگەڵ یەکتر هەیە، بەهۆی ئەم پەیوەندییە ستونییەشەوە هەڵبژاردن و ئامادەبونی یەکێکیان دەبێتە هۆی هەڵنەبژاردن و ڕەتکردنەوەی ئەوانی تر.

**٢/١/١ مێتائەرک meta function:** لە چوارچێوەی تیۆری هالیدای دا واتای زمان بریتییە لەو ئەرکەی کە لە بەکارهێناندا دەیبینێت، واتە (ئەرک و واتا یەکتر دەنوێنن و واتای هەر گوتنێک هەمان ئەو ئەرکەیە، کە گوتنەکە لە دەوروبەردا دەیبینێت. کەواتە زمان ئەو واتایە دەنوێنێت کە لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەرکەکانەوە دروستبوە)(عومەر، ٢٠١٧: ٣٢)، هەروەها تیۆری هالیدای بە تیۆرێکی ئەرکی هەژمار دەکرێت لەبەر سێ هۆکار:

**یەکەم:** ئەم تیۆرە بۆ دەستنیشانکردنی چۆنێتی کارکردنی زمان لە دەوروبەردا داڕێژراوە، لەم ڕوانگەیەوە زمان سیستەمێکی ئارەزومەندانە نییە، بەڵکو سروشتییە و بەپێی پێویستی کۆمەڵ و مرۆڤ گەشەیکردوە و فراوانبوە.

ڕێزمانی ئەرکیی کە ڕێزمانێکی سروشتی(natural)ە، دەتوانێت هەر ڕەگەزێکی زمان بەپێی چۆنێتی بەکارهێنانی لە زمانەکەدا ڕونبکاتەوە، هەر بۆیە لە ڕونکردنەوەی دیاردە زمانییەکاندا، فاکتەرە دەرەکییەکان (ڕۆشنبیری و کلتوری و کۆمەڵایەتی...) گرنگییەکی تایبەتییان هەیە، بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان لەلایەنی پەیوەندییەوە، دەبێت گرنگی بە تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسانە بدرێت کە بەشدارن لە پرۆسەی پەیوەندییەکەدا، هەروەها گرنگی بەو دەوروبەر و بارودۆخانەش بدرێت کە پەیوەندییەکەی تێدا بەرهەمهاتوە، زمانەوانی ئەرکیی سیستەمی زمان لەم فاکتەرانە جیاناکاتەوە، بەڵکو دەیانکاتە ناوەندی دروستبون و ڕونکردنەوەی سیستەمی زمان(سرفرازی، ١٣٩٨: ٣٨).

**دوەم:** هەر ڕەگەزێکی زمانیی لە ڕێگای ئاماژەدان بە ئەرکەکەی لە تەواوی سیستەمی زماندا ڕوندەکرێتەوە، بۆیە ئەم ڕێزمانە هەمو یەکەکانی زمانێک: ڕستیلەکان، فرێزەکان...هتد، وەکو پێکهاتەیەکی ڕێکوپێکی ئەرکەکان لێکدەداتەوە، واتە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەرکی ئەو یەکانە، بەم پێیە زمان هەم توانای دروستکردنی واتای هەیە و هەمیش ئامرازێکە بۆ دروستکردنی واتا(Halliday, 1994, xiii).

**سێیەم:** بەشە بنەڕەتییەکانی واتا بریتین لە بەشە ئەرکییەکان، کە لەم تیۆرەدا پێیاندەوترێت مێتائەرک، لەسەر ئەم بنەمایە هەمو زمانەکان لە دەوری دو جۆری سەرەکیی واتادا ڕێکخراون، ئەوانیش واتای بیریی و واتای نێوان کەسیین، ئەم بەشە بنەڕەتییانە لە سیستەمی زماندا ڕەنگدانەوەی دو مەبەستی گشتی بەکارهێنانی زمانن:

أ- تێگەیشتن لە ژینگەی دەوروبەر (بیریی)

ب- کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تر لەم ژینگەیەدا (نێوان کەسی) (نظیف، 1393: 25).

ئەم دو بەشە واتاییەش بەیارمەتی بەشێکی بنەڕەتی واتایی بەناوی بەشی دەقیی(textual) پێکەوە دەبەسترێن. بەم هۆیەشەوە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی تیۆری هالیدای، بابەتی مێتائەرکەکانە، لەم ڕێزمانەدا هەر ڕستەیەک بریتییە لە کەڵەکە بونی سێ جۆر لە واتا لەیەک کاتدا، کە ناونراون مێتائەرک و بەگشتی کاری گەیاندنی واتا ئەنجامدەدەن،

مرۆڤەكان توانای دەربڕینی جۆرە جیاوازەكانی واتایان هەیە لەقاڵبی ئەم ئەركانەدا، كەواتە (هەر ڕستەیەكی سادە خاوەنی سێ چینی واتایی یان ئەركە و هەریەكە لەم ئەركانەش دەربارەی لایەنێكی جیاوازی جیهانە) (بازیار، ١٣٩١: ٥٨)، هەر لەم ڕووەوە ڕۆڵ و ئەركەكانی زمان بەسەر سێ جۆردا دابەش دەكرێت:

أ- زمان تێگەیشتن و تێڕوانینمان بۆ ژینگەی دەوروبەر ڕێكدەخات و لە ئەنجامدا ئەزمونی جیهانی دەرەوەمان ڕێكدەخات، لەم ئەركەدا زمان گوزارشت لە كردار و ڕوداو و شت و پرۆسەی دەرونی...هتد دەكات. ئەم ئەركەش كە نوێنەرایەتی ئەزمونەكانمان لە جیهانی دەرەوە لەخۆدەگرێت، بەمێتا ئەركی بیریی (ideational meta-function) ناودەبرێت.

ب- ئەركێكی تری زمان ئەوەیە مامەڵە لەگەڵ بنیاتنان و پاراستن و ڕێكخستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دەكات، لەم ڕووەوە بەشێك لەهەر دەقێک ئاماژەیە بۆ كارلێكی نێوان ئەو كەسانەی لەپەیوەندییەكەدا بەشدارن، بە واتایەكی تر بەشداربوان پەیوەندی لەگەڵ یەكتر دادەمەزرێنن و تیایدا هەر بەشداربویەك ڕۆڵێك دەگێڕێت، بۆ نمونە: هەواڵێك دەدەن، پرسیار دەكەن، فرمان دەكەن، پێشنیاز دەكەن...هتد، چۆنێتی دابەشكردنی ئەم ڕۆڵانەش بەندە بە چوارچێوەی دەوروبەری پەیوەندییە زارەكییەكەوە و پێگەی هەر بەشداربویەك تیایدا، ئەم ئەركەش بە مێتائەركی نێوان كەسی (interpersonal meta-function) ناودەبرێت.

پ- یەكێكی تر لە ئەركەكانی زمان ئەوەیە كە لەنێوان خۆی و دەوروبەردا پەیوەندی بنیاتدەنێت، بۆ ئەوەی بەپێی ئەو چوارچێوەیەی كە گونجاوە دەق دروستبكات، ئەم ئەركەش ناونراوە مێتا ئەركی دەق (textual meta-function)، كاریگەریی دەوروبەر، شوێنی ڕەگەزەكانی زمان لەڕستەیەكدا واتا چۆنێتی ڕێكخستنی زانیارییەكان پیشاندەدات. بۆ نمونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

- نارین سێوەكەی خوارد.
- سێوەكە نارین خواردی.
- سێوەكەی خوارد نارین.

لەو نمونانەدا هەر سێ ڕستەكە لە لایەنی بیری و نێوان كەسییەوە یەك ناوەڕۆكیان هەیە، بەڵام بەگشتی هەریەك لەم ڕستانە واتایەكی جیاوازی هەیە، ئەم جیاوازییە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕێكخستنی ڕەگەزەكانی زماندا هەیە، لەڕاستیدا چۆنێتی ڕێكخستنی هەر ڕستەیەكیش هۆكاری تایبەتی هەیە، بۆ نمونە پەیوەستە بەو وەڵامانەی كە قسەكەر بۆ وەڵامی پرسیارێك ڕوبەڕوی كراوەتەوە، قسەكەر لە وەڵامدا بەپێی ئەوەی كە ئایا كام ڕەگەزی ڕستە تەوەری سەرەكییە بۆ وەڵامدانەوە، یان چ بەشێكی پەیامەكە گرنگترین بەشە بۆ قسەكەر، بەو پێیەش بەیەكێك لەو ڕێگایانەی سەرەوە وەڵامی پرسیار دەداتەوە(شیرزاد، ١٣٩٣: ٦٥-٦٦) و (احمدی، ١٣٩٣: ٥٠).

### ١/٢/١/١ مێتائەركی بیریی:

بڕێكی زۆر لە ئەزمونی ڕۆژانەمان بەهۆی كردار و ڕوداو و بیركردنەوە و وێناكردنەكانمانەوە دەستدەكەوێت و دەناسرێت، سیستەمی زمانیش ئەم ئەركە گرنگەی هەیە، واتە (زمان توانای نوێنەرایەتیكردنی كردار و بیركردنەوەكانمانی هەیە)(ملاكی، ١٣٩٣: ١٨)، هالیدای ئەمە بە مێتائەركی بیریی ناودەبات و ئەم ئەركە ئەزمونەكانمان سەبارەت بەواقیع وێنا دەكات، چ

ئەزمونی شتەکان یان ڕوداوەکان کە لە جیهانی دەرەوەدا ڕودەدەن (ئەزمونە دەرەکییەکان) و یان لە حاڵەت و هەستەکانی ناوەوەمان (ئەزمونە ناوەکییەکان)، لە نمونەی: (ئانیا هێلکەی کوڵاو دەخوات)، لەم نمونەیەدا واتای : (ئانیا، هێلکەی کوڵاو، خواردن) واتای بیرپین، چونکە ئانیا و هێلکەی کوڵاو ئەو بەشداربوانەن کە لەناو یەک کردە (خواردن) دان، ئەم واتای بیرپیە لەگەڵ واتای (نارین خەریکە گۆرانی دەڵێت) جیاوازە، واتە بەشداربوان و کردەکان لە نمونەی دووەمدا گۆڕاون، بۆیە واتای بیرپی ئێمەش گۆڕا (Eggins, 2004, 119)، کەواتە مێتا ئەرکی بیرپی ئەو تێگەیشتنەیە، کە لە بیری مرۆڤدا دروستدەبێت دوای ئەوەی ڕوداوێک لە دەرەوە یان ناوەوەی خوددا ڕودەدات و واتای بنەڕەتی و لۆجیکی ڕستەیە، زمان لەم ئەرکەدا گوزارشت لە کردار، ڕوداو، سیفەت، بارودۆخ و دیاردە و کردە هزرییەکان دەکات، کە هەریەکەیان ئەنجامدەرێکیان هەیە.

### ٢/٢/١/١ مێتائەرکی نێوان کەسیی

هەرکاتێک زمان بۆ کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تر و پەیوەندیکردن بەکاربهێنین، یان بمانەوێت زمان بۆ کاریگەری خستنەسەر ڕەفتارەکانیان بەکاربهێنین، ئەوە پەیوەندی نێوان کەسیی بەشدار دەبێت، ئەم ڕۆڵە گوزارشت لە کارلێکی نێوان ئەو بەشداربوانە دەکات کە لە دەقێکدا ڕۆڵ دەگێڕن، لە ڕوانگەی نێوان کەسییەوە دو چەمکی بنەڕەتیی لە کارلێکی نێوان بەشداربواندا هەیە، ئەوانیش بریتین لە: بەخشین (Giving) و داواکردن (Demanding). ئەم بەخشین و داواکردنە دەتوانێت بەرجەستە بێت، وەکو کەرەستە و خزمەتگوزاریی (goods & services)(١)، لەم حاڵەتەشدا بەخشینەکەی پێیدەوترێت پێشکەشکردن (offer)، داواکراویش پێیدەوترێت فەرمان (command).

هەروەها دەکرێت نابەرجەستە بێت وەکو بەخشین و داواکردنی زانیاری (information)، لەم شێوەیەشدا بەخشینەکەی پێیدەوترێت وەڵام (statement) و داواکراویش پێیدەوترێت پرسیار (question)، لە ڕێزمانی ئەرکیدا بەم چوارحاڵەتە دەوترێت ڕۆڵی قسەکردن (speech roles) (Tompson, 2014: 45-48)، واتە ئەگەر لە ڕوانگەی قسەکەرێکەوە لە ئاڵوگۆڕێکی زارەکیدا سەیربکەین، ئەو کەرەستەیەی کە ڕەنگە قسەکەر بیبەخشێت یان داوایبکات زانیارییە، لەم جۆرە حاڵەتانەدا مەبەستی قسەکەر تەنیا لەڕێگای زمانەوە جێبەجێدەکرێت، یان بە پلەی یەکەم لەڕێی زمانەوە دەبێت.

قسەکەر لێدوانێک دەدات بۆ پێدانی زانیاری، یان پرسیارێک دەکات بۆ داواکردنی زانیاری، لەم کاتەشدا ئەگەر گوێگر ئەو زانیارییانە وەربگرێت، واتە تێبگات، کە قسەکەر دەیبەخشێت، یان ئەو زانیارییانەی کە هەیەتی پێشکەشی قسەکەری بکات، چونکە داوایکردوە واتە (وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە)، ئەوە لەم دو بارودۆخەدا ئاڵوگۆڕەکە سەرکەوتو دەبێت، کۆی گشتی ئەم ئاڵوگۆڕەش لەوەدا کۆدەکەینەوە کە لەم کاتانەدا زمان ئەرکێکی پێکهێنەریی (constitutive) هەیە، واتە هەمو کارەکانی ناو ئاڵوگۆڕەکە ئەنجامدەدات (لاکسار، ١٣٩٤: ٤٣-٤٤).

بەڵام ئەگەر قسەکەر داوایەکی لەم جۆرە بکات بۆ نمونە بڵێت:

- بۆ دۆزینەوەی واتای زیاتری وشەکە سەیری فەرهەنگ بکە.

لێرەدا پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان قسەکەر و گوێگر کاتێک سەرکەوتو دەبێت، کە کردارێکی نازارەکی ئەنجامبدرێت، واتە گوێگر گوێڕایەڵی فەرمانەکە ببێت، لەم بارودۆخەدا پێویستە کەرەستەیەکی دیکە ئاڵوگۆڕ بکرێت، ئەوەی کە هالیدای ناوی لێناوە (کەرەستە و خزمەتگوزاریی)، کە تیایدا زمان ئەرکی یارمەتیدان دەبینێت، واتە یارمەتییدەدات بۆ سەرکەوتنی

ئاڵوگۆڕەکە، بەڵام بەلایەنی کەمەوە بەشێک لەو ئاڵوگۆڕە پێویست ناکات زمان بگرێتەوە، بۆیە لەئەنجامدا ئەوە دەردەکەوێت کە چوار ڕۆڵی بنەڕەتی قسەکردنمان هەیە: پێدانی زانیاریی، وەرگرتنی زانیاریی، پێدانی کەرەستە و خزمەتگوزاریی ، داواکردنی کەرەستە و خزمەتگوزاریی ، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر لەم خشتەیەدا هەریەک لەڕۆڵەکانی قسەکردن لەگەڵ نمونەی گونجاو خراونەتەڕو:

| ئاڵوگۆڕی کەرەستە / ڕۆڵی ئاڵوگۆڕ | ١. کەرەستە و خزمەتگوزاری | ٢. زانیاری |
|---|---|---|
| أ. بەخشین | پێشکەشکردن offer<br>- ڕێگاکەت نیشان دەدەم. | وەلام statement<br>- ئێمە لەو شوێنەوە نزیکین. |
| ب. داواکردن | فەرمانکردن command<br>- دەستم بگرە. | پرسیار question<br>- ئەمە شوێنەکەیە؟ |

خشتەی ژمارە (١) ڕۆڵی بنەڕەتی قسەکردن.  (Tompson, 2014: 47).

### ٣/٢/١/١ مێتائەرکی دەق

بریتییە لە شێوازی ڕێکخستنی پەیام، چنینی پێکهاتەکانی و هەماهەنگی لەگەڵ پەیامەکانی تر، کاتێک لە ڕوانگەی بنیاتنانی دەقەوە سەیری پاراگرافێک دەکەین، دەمانەوێت بزانین قسەکەر/ نوسەر چۆن پەیامەکەی لە شێوەی دەقدا ڕێکخستوە! لەم ئەرکەدا زمان لە پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەردا زەمینەیەک بۆ دروستکردنی دەقەکە دابیندەکات و دەبێتە هۆی پێکەوە بەستراویی، کاتێک کە گوتن هەم بە دەوروبەرە زمانییەکەوە و هەم بەدەوروبەری بارودۆخەوە بەسترابێت، بەم شێوەیە دەتوانرێت دەق لەکۆمەڵێک ڕستەی ناپەیوەندیدار جیابکرێتەوە (مهاجر، نبوی، ١٣٩٣: ٢٦-٢٨)، هەروەها کارکردنی هەردو مێتائەرکی بیریی و نێوان کەسیی پەیوەستن بەم ئەرکەوە، ئەمەش وایکردوە کە هالیدای مێتائەرکی دەقیی بەڕۆڵی چالاککەر (Enabling)ی زمان دابنێت، هەروەها واتاداربون و یەکگرتویی لۆجیکی دەق لەهەڵبژاردنی یەکەکانی زمان بەپێی پێداویستی دەوروبەر و ڕێکخستنیان لەپێکهاتەیەکی یەکگرتودا سەرچاوە دەگرێت (Eggins, 2004, 321).

بۆیە دەتوانین بڵێین لە مێتا ئەرکی دەقییدا، پەیوەندیی نێوان هەردو ئەرکی بیریی و نێوان کەسیی و شێوازی ڕێکخستنی خودی زمانەکە، دەبێتە ئامانج و مەبەستی سەرەکی، واتە لەنێوان گوتراو و نوسراو و دنیای ڕاستەقینە و پێکهاتە زمانییەکاندا پەیوەندیی دروستدەکات، هەر لەم ڕێگەیەوە قسەکەر/ نوسەر دەتوانێت دەقێک بەرهەمبهێنێت و گوێگر/ خوێنەر لە دەقەکە تێبگات.

## بەشی دوەم:

### ١/٢ سیستەمی تێپەڕین transitivity

لە ڕوانگەی زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمییەوە تێپەڕین پێکهاتەیەکی ڕستەیە، کە بۆ دیاریکردنی جۆری کردەکان لە ڕستەدا بەکاردێت، تێپەڕین ئەوە پیشاندەدات، کە چۆن بەکارهێنەرانی زمان وێنەی هزریی و دەروونیی لە قاڵبی زماندا بەرجەستە دەکەن، چۆن ئەزمونی خۆیان بۆ جیهانی دەوروبەر ڕوندەکەنەوە، بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین تێپەڕین مامەڵە لەگەڵ گواستنەوە یان پیشاندانی ئایدیاکان دەکات و هەر بۆیە بەشێکە لە مێتائەرکی بیریی(ملاکی، ١٣٩٣: ٢٠).

تێپەڕین توانای پۆلێنکردن و ڕێکخستنی ژمارەیەکی بێکۆتایی لەڕوداوەکان، لەسنوری کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە کردەدا بۆ بەکارهێنەرانی زمان دابیندەکات، هەمو کردەیەکیش بە ئەگەرێکی زۆرەوە سێ پێکهاتە لەخۆدەگرێت:

**یەکەم:** خودی کردەکە (لە فرێزێکی کارییدا خۆی دەردەخات).

**دوەم:** بەشداربوانی کردەکە (لە فرێزێکی ناویدا خۆی دەردەخات).

**سێیەم:** ڕەگەزەکانی بارودۆخ (circumstantial elements) ئەو هەلومەرجانەیە، کە پەیوەندییان بە کردەکەوە هەیە و بەزۆری لەشێوەی فرێزی بەند و فرێزی هاوەڵکارییدا دەردەکەون(فەرهادی، ٢٠٠٨: ٥٨)، واتە ئەو بارودۆخانەیە کە پەیوەستن بەکردەکەوە.

– <u>نارین</u> <u>بەجوانی</u> <u>یاریدەکات.</u>
– بەشداربو ڕەگەزی بارودۆخ/ چۆنیەتی کردە

بە بڕوای هالیدای و مەتیسن، تێپەڕین هەڵبژاردەیەکی سیستەمیی دەبەخشێت، هەڵبژاردنێک کە لەسەر بنەمای پاڵنەرەکانی قسەکەر/نوسەر لەنیوان ئەگەرەکانی سیستەمی زماندا دامەزراوە، ئەگەر دەقێک لەسەر بنەمای سیستماتیک شیکار بکرێت، ئەوە پێکهاتە واتاییەکانی ڕستەکان دەستنیشاندەکرێن، دواتر پێکهاتە واتاییەکانی تەواوی دەقەکە دەستنیشاندەکرێن، بۆیە سیستەمی تێپەڕین گوزارشت لە ڕوداو، پەیوەندی، دۆخ، بیر، هەست، ڕەفتار و بونی دیاردەکانی جیهان دەکات، کە هەریەک لەمانەش بە کردە (Process) یەک دادەنرێن( Halliday & Matthiessen, 2014: 213).

بەگشتی سیستەمی تێپەڕین هەوڵدەدات وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بداتەوە:

1. چ کردەیەک لە ڕستەدا هەیە؟
2. لەهەر کردەیەکدا دەتوانرێت چەند بەشداربو بەکاربهێنرێت؟
3. هەر بەشداربویەک لە ڕستەدا چ ئەرکێک دەبینێت؟ (نظیف، 1393: 32-33).

دەبێت ئەوەش بزانین کە تێڕوانینی هالیدای سەبارەت بە تێپەڕین بەتەواویی جیاوازە لە تێڕوانینی ڕێزمانی چاولێکەری(تەقلیدی) دەربارەی هەمان بابەت، لە ڕێزمانی چاولێکەریدا سیستەمی تێپەڕین تایبەتە بە دابەشکردنی کارەکان بۆ دو جۆری تێپەڕ و تێنەپەڕ، لەسەر ئەو بنەمایەی کاری تێپەڕ ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە پێویستیان بە بەرکارە، کاری تێنەپەڕیش پێویستی بە بەرکار نییە، ئەم جیاوازییەش لەم نمونانەدا دەخەینەڕو:

– بەپێ ڕۆیشتم بۆ زانکۆ.
– بەپێ هۆ گریام.

لەسەر بنەمای ڕێزمانی چاولێکەری ئەو دو ڕستەیەی سەرەوە تێنەپەڕن، چونکە هەردو ڕستەکە پێویستیان بە بەرکار نییە، بەڵام لەسەر بنەمای زمانەوانی ئەرکیی سیستەمی هەریەک لەو ڕستانە سیستەمێکی تێپەڕینی جیاوازیان هەیە، واتە کردەی هەریەکەیان لەوی تر جیاوازە، لە نمونەی یەکەمدا کردەی ماددی ڕویداوە، کە ئاماژە بەئەنجامدانی کارێکی فیزیکی دەکات، کە (ڕۆیشتن)ە، بەڵام لە نمونەی دوەمدا کردەی ڕەفتاریی ڕویداوە (گریان)، کە ئاماژە بە یەکێک لە ڕەفتارە دەرونی و فسیۆلۆجییەکانی مرۆڤ دەکات.

## ٢/٢ کردەکان processes:

مێتائەرکی بیریی کە نوێنەرایەتی ئەزمونەکانی مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە و ناوەوەی خوددا دەکات و ناوەڕۆک دەردەبڕێت، واتە لە ڕێگای ڕستیلەکانەوە ئەو ئەزمونانە دەردەبڕێت، ناوەڕۆک هەمان کار یان دۆخێکە، کە بە کاری سەرەکی دەنوێنرێت و لەم ڕێزمانەدا پێی دەوترێت (کردە)، بۆیە کردەکان لەڕێی کاری سەرەکییەوە دەردەبڕرێن (ایشانی، ١٣٩٨، ٤)، لەم ڕوانگەیەوە هالیدای سێ جۆر کردەی سەرەکی بەناوەکانی کردەی (ماددی، هزری، پەیوەندیداری) و سێ جۆر کردەی لاوەکی بەناوەکانی کردەی (ڕەفتاری، زارەکی، بون) دەستنیشاندەکات، بەپێی دابەشکردنی گشتی کردەکان بۆ دو پۆلی سەرەکی و لاوەکی، کردە لاوەکییەکان لە سنوری نێوان کردە سەرەکییەکاندا دادەنرێن، بەشێوەیەک لە سنوری نێوان کردەی ماددی و هزریدا، کردەی ڕەفتاریی هەیە، کە کردە ناوەکییەکانی مرۆڤ وەکو: گریان، پێکەنین...هتد دەکاتە کردەیەکی دەرەکی.

لەسنوری نیوان هزری و پەیوەندیدارییشدا، کردەی زارەکی دەردەکەوێت، کە گوزارشت لەو پەیوەندییانە دەکات، لەخودی هۆشیاری مرۆڤدا دروستدەبن و لە شێوەی زماندا بەرجەستە دەبن. هەروەها لە سنوری نێوان ماددی و پەیوەندیدارییدا، کردەی (بون) هەیە، کە لەڕێگەی ئەوانەوە ئاماژە بەبونی دیاردەکان دەکرێت( Halliday & Matthiessen, 2014: 213).

### ١/٢/٢ کردەی ماددی Material Process

کردە ماددییەکان کردەیەکی فیزیکیین، ئاماژە بە ئەنجامدانی کارێک یان ڕوداوێکی واقیعی دەکەن و دو بەشداربوی سەرەکی لەم کردەیەدا هەیە، بریتین لە ئەنجامدەر و ئامانج. ئەنجامدەر(actor) بەرپرسە لە ئەنجامدانی کردە ماددییەکان، کە هەمان بکەری لۆجیکی دەگرێتەوە و ئامانج(goal)(٢)یش هەرشتێکە، کە کاریگەری دەکرێتە سەر و کارەکە لەسەر ئەو ئەنجامدەدرێت، بەشداربویەکی ناسەرەکیشی هەیە پێیدەوترێت وەرگر، ئەو کەسە یان ئەو شتە دەگرێتەوە، کە کەس یان شتێکی وەرگرتوە، کردەی ماددی لەڕستەی تێپەڕ و تێنەپەڕیشدا بەکاردێت، هەبونی ئەنجامدەر تیایدا پێویستییەکی سەرەکییە، بەڵام هەبونی ئامانج پەیوەستە بە جۆری کارەکە، کارەکانی: دروستکردن، نوسین، هاتن، چون، خواردن ...هتد لەم جۆرەن (Halliday & Matthiessen, 2014: 213-226). بۆ نمونە:

- <u>شێرەکە</u> <u>ڕایکرد.</u>

ئەنجامدەر کردەی ماددی

- <u>شێرەکە</u> <u>گەشتیارەکەی</u> <u>گرت.</u>

ئەنجامدەر ئامانج کردەی ماددی

- بەڕێوەبەر دیاریی بە فەرمانبەران بەخشی.
ئەنجامدەر ئامانج وەرگر کردەی ماددی

لە نمونەی یەکەم و دوەمدا شێرەکە کارێکی ئەنجامداوە، بەڵام لە نمونەی یەکەمدا ئەم ئەنجامدانە لە سنوری شێرەکە تێناپەڕێت واتە یەک بەشداربوی تێدایە، هەرچی نمونەی دوەمە ئەنجامدەر کاری کردوەتەسەر گەشتیارەکە، واتە کردویەتی بەئامانج، بۆیە دو بەشداربوی تێدایە،لەنمونەی سێیەمیشدا (فەرمانبەران) بوەتە (وەرگر) و بەشداربویەکی ناسەرەکییە، دەکرێت هەبێت یان نا، هەر بەو شێوەیەی کە باسمان کرد هەبونی ئەنجامدەر لە کردەی ماددیدا پێویستییەکی سەرەکی و ناچارییە، تەنانەت ئەگەر لە ڕستەکەشدا بەشێوەیەکی ئاشکرا باس نەکرابێت، بەڵام هەبونی ئامانج بەئارەزوە، هەروەها ئەگەر ڕستە ئەنجامدەر و ئامانجی هەبێت، دەتوانێت بەشێوەی بکەردیار و بکەرنادیاریش دەربکەوێت، وەکو:

- هاوڕێکەم نامەکەی نوسی. ***بکەردیار***
ئەنجامدەر ئامانج کردەی ماددی
- نامەکە لەلایەن هاوڕێکەمەوە نوسرا. ***بکەرنادیار***
ئامانج ئەنجامدەر کردەی ماددی

لەکردەی ماددیدا بەپێی پێویستی قسەکەر و گوێگر، دەکرێت ڕەگەزێکی بارودۆخ یان زیاتر بەکاربهێنرێت، کە لەشێوەی فرێزی بەند یان فرێزی هاوەڵکاریدا دەردەکەوێت و چەمکی کات، شوێن، چۆنیەتی...هتدی کردەکە ڕوندەکاتەوە و ڕستەکە فراواندەکات.

- دوێنێ دایکم لە چێشتخانەکە بەخێرایی خواردنێکی ئامادەکرد.

لەو نمونەیەدا هێڵ بەژێر هاتونەکان ڕەگەزی بارودۆخن و لایەنی کات، شوێن، چۆنیەتیی کردەی (ئامادەکرد)یان ڕونکردۆتەوە.

کردە ماددییەکان دەتوانرێت بەهۆی پرسیاری (ئەنجامدەر چی کرد؟)، یان (چی ڕویداوە؟)، یان (ئەنجامدەر چی لەئامانج یان چی بۆ ئامانج کرد؟) بناسرێنەوە، چونکە ئەو کارانەی ئەم جۆرە کردەیە دەنوێنن زیاتر کاری فیزیکی و دینامیکیین(عەول، ٢٠١٧، ٤٩٢).

- کرێکارەکە چی کرد؟
- کرێکارەکە دیوارەکەی ڕوخاند.

لەو نمونەیەدا کاری (ڕوخاند) وەڵامی پرسیاری (کرد)ە، بەوەش دەبێتە کردەی ماددی.

### ٢/٢/٢ کردەی هزری mental process

ئەو کردەیەیە کە دەربڕی هەستەکان، ئەندێشە و درککردنی تاکەکانە، هەمو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە کە دەتوانین بەهۆی مێشکمانەوە ئەنجامی بدەین، بەگشتی ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی هەستەوەرەکانەوە لەڕێی هەستەکانی (بینین، بیستن، بۆنکردن، دەست لێدان، تامکردن) زانیاری بۆ مێشک دەگوێزنەوە و پاشان لەشێوەی ئەزمون و کارامەیی و شارەزاییەوە لەمێشکدا کۆد دەکرێن، وەکو: دەبینێت، دەبیستێت، تامدەکات...هتد، هەروەها ئەو کارانەش کە درکیان

پێدەکەین وەکو: دەزانێت، تێدەگات، بڕوادەکات...هتد، کۆمەڵێک کاری تری وەکو: خۆشویست، ترسا، ویست، حەزی لێبو...هتد لە جۆری ئەم کردەیەن(عەول، ٢٠١٧، ٤٩٦). کردەی هزری دو بەشداربوی پێویستە و لەنێوان ئەو دو بەشداربوەشدا پەیوەندییەکی دوسەرە هەیە:

**یەکەم:** ئەو بەشداربوەی کە هەستدەکات، خەیاڵدەکات، درکدەکات، پێیدەوترێت هەستکەر(senser).واتە ئەو کەسەیە چالاکییەکی مێشکیی و ئاوەزیی ئەنجامداوە.

**دوەم:** ئەوەی کە هەستی پێدەکرێت، خەیاڵدەکرێت، درکپێدەکرێت و دەربارەی بیردەکەینەوە، پێیدەوترێت دیاردە (phenomenon)، وەک:

- من ئەوم خۆشدەوێت.
  هەستکەر دیاردە کردەی هزری
- سەرۆک بە بڕیارەکە ڕازیبو.
  هەستکەر دیاردە کردەی هزری

لەکردەی هزریدا هەستکەر بەزۆری مرۆڤ دەگرێتەوە، بەڵام هەندێکجاریش دەتوانین کەرەستە بێگیانەکان بەجۆرێک بەکاربهێنین وەکو ئەوەی خاوەنی هەست بن، لەم حاڵەتەدا کەرەستەی نامرۆڤ بەشێوەی خوازە تایبەتمەندی مرۆڤی دەدرێتەپاڵ، وەکو:

- باخچەکە چاوەڕێی هاتنەوەی دەکردین.
  هەستکەر

لەم نمونەیەدا (باخچە) بەجۆرێک بەکارهاتوە وەک ئەوەی کە خاوەنی هەستە. هەروەها دەگونجێت (دیاردە) بەشێوەی پارستە دەربکەوێت(فەرهادی، ٢٠٠٨: ٦٦-٦٨)، نمونە وەکو:

- باوەڕم وایە، کە هەموشتێک باشدەبێت.
  دیاردە/ پارستە

کردە هزرییەکان پەیوەستن بە ئەزمونمان لە جیهانی ناوەوەی خوددا، لە کاتێکدا کردە ماددییەکان پەیوەستن بە ئەزمونمان لە جیهانی دەرەوە، هەروەها لە کردەی هزریدا کارێک ئەنجامنادرێت، بەڵکو شتێک، کاردانەوەیەک، هەڵچونێک لە دنیای بیردا ڕودەدات، سەبارەت بە ناولێنانی بەشداربوانی ئەم کردەیەش بە (هەستکەر و دیاردە)، تۆمپسۆن دەڵێت: جیاوازییەکی دیار هەیە لەنێوان ئەوەی لە جیهانی دەرەوە و ئەوەی لە جیهانی ناوەوەدا ڕودەدات، بۆیە چەسپاندنی بەشداربوانی ئەم جۆرە کردانە بە ناونیشانی ئەنجامدەر و ئامانج گونجاو نییە، چونکە ئەو کەسەی کە لە مێشکیدا کردەیەکی هزری ڕودەدات، لەڕاستیدا کارێک ئەنجامنادات، بەڵکو ئەو کردە هزرییەی بەسەردا هاتوە یان پێیدا تێپەڕیوە، بۆیە کردەکە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دیاردەکە نییە، هەر لەبەر ئەمەش بەشداربوانی کردەی هزری بە هەستکەر و دیاردە ناو دەبرێن(Tompson, 2014: 97-99).

### ٣/٢/٢ کردەی پەیوەندیداریی relational process:

ئەو کردانەن کە پەیوەندییان بەوەسف یان ناساندنەوە هەیە، پەیوەندی نێوان دو شت یان دو دیاردە بە یەکترەوە لە چوارچێوەی کردەی پەیوەندیدارییدا بە بەکارهێنانی کاری (بون) بەدەستدێت و فۆرمی کارەکانی (ە، بو، دەبێت، هەیە، هەبو، دەبێت بە...هتد) ئەم کردەیە دەنوێنن و بەگشتی دو جۆرە:

**١/٣/٢/٢ کردەی پەیوەندیداریی تایبەتمەندی(وەسفی) attributive mode:** کردەیەکە تیایدا تایبەتمەندییەک یان سیفەتێک یان پێشبینییەک دەدرێتە پاڵ بونێک یان دیاردەیەک، بەهەڵگری ئەو سیفەتەش دەوترێت هەڵگر(carrier)، بۆ نمونە:

- ئەم پەرتوکە بەسود ە.
  هەڵگر سیفەت کردەی پەیوەندیداریی وەسفی
- شەو تاریک بو.
  هەڵگر سیفەت کردەی پەیوەندیداریی وەسفی

**٢/٣/٢/٢ کردەی پەیوەندیداریی ناساندن identifying mode:** ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە تیایدا کەسێک یان شتێک دەناسرێت و ڕۆڵێکی دەدرێتەپاڵ، واتە پەیوەندییەکە تیایدا ڕەگەزێک ناسێنەری ڕەگەزێکی ترە و دو بەشداربوی تێدایە:

أ/ ناسێنەر identifier
ب/ ناسێنراو identified (Tompson, 2014: 101-104).
بۆ نمونە:

- سارا ڕاهێنەری تیپی کچان ە.
  ناسێنراو ناسێنەر کردەی پەیوەندیداریی ناساندن

لەڕوانگەی هالیدایەوە هەریەک لەم دو جۆرەی کردەی پەیوەندیداریی کە بریتین لە وەسفی و ناساندن، دەتوانن لە سێ شێوازدا دەربکەون، ئەوانیش بریتین لە:

أ- یەکسانیی identity

ب- خاوەندارێتی possession

پ- بارودۆخ (پەیوەست بەکات و شوێن) circumstantial

ئەم سێ جۆرەش لەم هێڵکارییەدا زیاتر ڕوندەبێتەوە:

| جۆری پەیوەندیداری / شێوازی دەرکەوتن | وەسفی<br>(ب) سیفەتی (أ)ە. | ناساندن<br>(ب) ناسێنەری (أ)ە. |
|---|---|---|
| یەکسان<br>- (أ) (ب)ە. | - یارا ژیرە. | - یارا سەرۆکی تیپە.<br>- سەرۆکی تیپ یارایە. |
| خاوەندارێتی<br>- (أ) (ب)ی هەیە. | - یارا پیانۆی هەیە. | - ئەم پیانۆ هی یارایە.<br>- یارا خاوەنی ئەم پیانۆیە. |
| بارودۆخ<br>(أ) لە (ب)دایە. | - بازاڕ لەهەینیدا هەیە. | - بەیانی ٢٠ی مانگە.<br>- ٢٠ی مانگ بەیانییە. |

خشتەی ژمارە (٢) کردەی پەیوەندیداری (Halliday & Matthiessen, 2014: 265).

ئەوەی لە خشتەکەدا ڕوندەبێتەوە جیاوازی نێوان شێوازی وەسفی و ناساندنە، چونکە لە کردەی وەسفیدا ڕێگا بە ئاڵوگۆڕکردنی بەشداربوەکانی ڕستە نادرێت، بۆ نمونە ناتوانین بڵێین: ژیر یارایە. بەڵام لە شێوازی ناساندندا ئەو ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێیە ڕێگا پێدراوە، واتە بەشداربوان دەتوانن جێگۆڕکێ بکەن.

### ٤/٢/٢ کردەی ڕەفتاریی behavioral process:

ئەم کردەیە نابنەڕەتی و ناسەرەکییە، ئاماژە بە ڕەفتارە دەرونی و فیسۆلۆجییەکانی مرۆڤ و گیانلەبەر دەکات، ئەم کردەیە لەو لایەنەوە کە ئاماژە بە (ئەنجامدان) دەکات لە کردەی ماددی دەچێت، لەو لایەنەشەوە کە ئەنجامدەر دەبێت گیاندار بێت لە کردەی هزری دەچێت، لێرەدا یەک بەشداربو هەیە پێیدەوترێت ڕەفتارکەر(behaver) ( Halliday & Matthiessen, 2014: 301). واتە ئەم کردەیە دو جۆر ڕەفتاری جەستەیی و دەرونیی مرۆڤ یان گیاندارێک دەگرێتەوە، لەو ڕوەی کە ڕەفتارکەر دەبێت خاوەن هەست بێت هاوشێوەی کردەی هزرییە و ڕەفتارکەر لە هەستکەر دەچێت، لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی چالاکییەکی بەرچاوە و کارێک ئەنجامدەدرێت هاوشێوەی کردەی ماددییە، ئەمانەش کۆمەڵێک نمونەی لەم جۆرەن: گریان، پێکەنین، نوستن، لەخەوهەستان، قاقالێدان...

– کچەکە پێدەکەنێت.
ڕەفتارکەر کردەی ڕەفتاریی

### ٥/٢/٢ کردەی زارەکی verbal process:

لەم کردەیەدا ڕەگەزی کاریی کردەکە لە جۆری (گوتن)ە و لەنێوان کردەی هزری و پەیوەندیدارییدایە و بەوە دەناسرێتەوە، کە هەمویان پەیوەندییان بە گواستنەوەی پەیامەکانەوە هەیە لەڕێگەی زمانەوە، یەک بەشداربوی سەرەکی لە کردەی زارەکیدا هەیە کە قسەکەر(sayer)ە، هەروەها دەکرێت بەشداربویەکی تریش هەبێت کە قسەکەی بۆ دەکرێت و پێیدەگوترێت وەرگر(reciever)، ئەوەشی کە ئاراستەی وەرگر دەکرێت پێیدەوترێت پەیام (verbiage) ( Tompson, 2014: 106-107)، دیارترین نمونەش بریتییە لە: گفتوگۆکردن، هەواڵدان، پرسیارکردن، فرماندان، بۆ نمونە:

– من لەگەڵ تۆ قسەدەکەم.

قسەکەر وەرگر کردەی زارەکی

لەم کردەیەدا مەرج نییە هەمیشە بەشداربو خاوەن هەست بێت (بازیار، ١٣٩١: ٧٧)، بۆ نمونە:

- ئەم نوسینە دەڵێت: پێویستە لێرەدا جگەرە نەکێشیت.

قسەکەر کردەی زارەکی پەیام

لەو نمونەیەدا (ئەم نوسینە) ڕۆڵی قسەکەر دەبینێت، هەرچەندە بێ گیانە و خاوەن هەست نییە، هەروەها دەکرێت ڕەگەزێکی بارودۆخ یان زیاتر هاتبێت و لایەنێکی تایبەتی کردەکە فراوان بکات، بۆ نمونە:

- هونەرمەندەکە لە ئاهەنگەکەدا گۆرانی دەڵێت.


قسەکەر ڕەگەزی بارودۆخ/شوێن کردەی زارەکی

## ٦/٢/٢ کردەی بون existential process:

ئەم کردەیە لە سنوری نێوان کردەی ماددی و پەیوەندیدارییدایە، دەربارەی بون و نەبونی دیاردەیەکە، بەشداربوەکەی پێیدەوترێت هەبو(موجود)، هەبو دەتوانێت مرۆڤ، شت، ڕوداو یان دیاردەیەکی ئەبستراکت بێت، ئەم کردەیە بەزۆری لەگەڵ کاری (بون)دا دێت و زۆرجار ڕەگەزێکی بارودۆخیش بەشداردەبێت (Halliday & Matthiessen, 2014: 308-309). بۆ نمونە:

- ئەو لەماڵەوە بو.

هەبو ڕەگەزی بارودۆخ/شوێن کردەی بون




هێڵکاری ژمارە (٣) جۆرەکانی کردە بەپێی سیستەمی تێپەڕین (Halliday & Matthiessen, 2014: 216).

ئەنجام:

١- لە زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمیدا هەر ڕستەیەکی سادە لەئەنجامی کەڵەکە بونی سێ جۆر واتا لەیەک کاتدا دروستدەبێت و مرۆڤ لەڕێگای ئەم سێ جۆرە واتایەوە توانای دەربڕینی تەواوی جۆرە جیاوازەکانی واتای هەیە، لەسەر ئەم بنەمایەش هەر ڕستەیەک لەزمانی کوردیدا سێ جۆر واتا لەخۆ دەگرێت: واتای بیری، واتای نێوان کەسی، واتای دەقی.

٢- لەسەر بنەمای زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمی هەر ڕستەیەک لەزمانی کوردیدا، سیستەمێکی تێپەڕینی جیاوازی هەیە و لەسەر ئەو بنەمایەش تەواوی کردەکانی زمانی کوردی لەشەش جۆردا کۆدەبنەوە، کە سیانیان سەرەکی و سیانیان لاوەکین، هەرکردەیەکی لاوەکیش دەکەوێتە نێوان دو کردەی سەرەکییەوە.

٣- هەر کردەیەک بەشداربویەک یان زیاتری هەیە، کە لەشێوەی فرێزی ناویدا دەردەکەون، هەندێک لە بەشداربوان سەرەکی و هەندێکی تریان ناسەرەکیین، هەبونی ئەنجامدەر لەکردەی ماددیدا پێویستییەکی سەرەکییە، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشکراش باس نەکرابێت.

٤- هەر کردەیەک خۆی و بەشداربوەکانی پێکەوە واتایەکی بیریی پێکدەهێنن، بەگۆڕانی کردەکە و بەشداربوەکانی واتا بیرییەکەش دەگۆڕێت.

٥- زمانی کوردی لەڕێگای بەکارهێنانی کاری (بو)ەوە کردەی پەیوەندیداری دەگەیەنێت، لەهەمان کاتدا کردەی (بون)یش بەزۆریی لەڕێگای هەمان کارەوە بەدەستدێت، بەڵام جیاوازییان ئەوەیە لەکردەی پەیوەندیداریدا واتاکەی پەیوەندی بە وەسف یان ناساندنەوە هەیە، بەڵام لەکردەی (بون)دا واتاکەی پەیوەندی بە بون و نەبونی دیاردەیەکەوە هەیە.

# Meta-functions and processes in Kurdish language - from the systemic functional linguistic perspective

**Shadan Hamaamin Muhammed[1] - Sherwan Hussen Hamad[2]**

[1]Department of Kurdish Language, College of Education, University of Koya, Koya, Kurdistan Region, Iraq

[2]Department of Kurdish Language, College of Education, University of Raparin, Raniyah, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

This paper entitled (Meta-functions and processes in Kurdish language - from the systemic functional linguistic perspective) is an attempt to analyze and discuss each of the topics of meta-functions and processes in Kurdish language within the framework of systemic functional theory. In this theory, the meaning of language is the function it performs in use. That is, function and meaning reflect each other, and the meaning of each utterance is the same as the function that the utterance sees in its surroundings. In this theory, we also define the types of actions in sentences through the system of transitivity. Transitivity shows how language users embody intellectual and inner images in the form of language and explain them to the world around them. This is part of the intellectual meta-function, that is, language classifies an infinite number of events within a certain number of processes through Transitivity.

**Keywords:** systemic functional linguistics, meta function, transitivity system, processes, ideational meaning.

## سەرچاوەکان


عەول، محەمەد عومەر، ٢٠١٧، پێواژۆ کردارییەکان لەزمانی کوردیدا، مجلة جامعة التنمية البشرية، امجلد ٣، العدد ٣، ص٤٨٣-٥٠٤.

عومەر، تەلان محەمەد، ٢٠١٧، شیکردنەوەی دەق وتارە ئاینییەکانی ڕۆژی هەینی لەشاری هەولێردا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵا، ٢٠٠٨، ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

احمدی، شیوا، ١٣٩٣، تحلیل گفتمان انتقادی استعارەی دستوری اسم سازی و وجهیت در گفتمان سیاسی فارسی انگلیسی: رویکرد ون دایک، کارشناسی ارشد، دانشکده علوم انسانی، دانشگاه سمنان.

ایشانی، طاهره، ١٣٩٨، تفاوتهای سبکی غزل حافظ و سلمان ساوجی از نظر کاربست فعل، دوفصلنامه علمی (مقاله علمی - پژوهشی)، سال دهم، شماره ١.

بازیار، مهدی، ١٣٩١، تحلیل فرایندهای موجود در گفتمان افراد زبان پریش فارسی زبان در چارچوب زبانشناسی نقشگرای نظاممند، رساله دکتری، دانشکده ادبیات فارسی و زبانهای خارجی، دانشگاه علامه طباطبایی.

سرفرازی، طیبه، ١٣٩٨، کارکرد عوامل انسجام با تکیه بر الگوی هلیدی(مورد پژوهی کتاب بلاغات النساء ابن طیفور)، رساله دکتری، دانشکدەی ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه بین المللی امام خمینی، قزوین.

شیرزاد، محمد حسن، ١٣٩٣، مفهوم ربا در قرآن کریم مبتنی بر روشهای معناشناسی ساختگرا و نقشگرا، کارشناسی ارشد، دانشکده الهیات، معارف اسلامی و ارشاد، دانشگاه امام صادق.

لاکسار، حسین رضائی، ١٣٩٤، سبک شناسی تطبیقی حکایتهای تفسیر سورەی یوسف(احمد بن محمد بن زیرطوسی) باداستانهای کشف الاسرار(ابوالفضل): پژوهشی در چارچوب فرا نقش متنی، کارشناسی ارشد، وزارت علوم، تحقیقات و فناوری، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، مدریت تحصیلات تکمیلی، پژوهشکده ادبیات.

نظیف، نرگس، ١٣٩٣، تحلیل جهانبینی و شخصیت سعدی در غزلیات با رویکرد زبان شناسی نقشگرا، کارشناسی ارشد، وزارت علوم، تحقیقات و فناوری، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، مدریت تحصیلات تکمیلی، پژوهشکده ادبیات.

ملاکی، وحیده، ١٣٩٣، بررسی مقایسه ای مؤلفەهای دو مکتب ادبی رئالیسم اجتماعی و سورئالیسم در شش داستان کوتاه فارسی بد نظام گزاری هلیدی و متیسن(٢٠٠٤)، کارشناسی ارشد، دانشگاه سیستان و بلوجستان.

مهاجر، مهران، محمد نبوی، ١٣٩٣، بسوی زبان شناسی شعر، نشر اگه، تهران.

Crystal, david, 2008, a dictionary of linguistics and phonetics, 6th edition, Blackwell publishing.

Eggins, suzzne, 2004, an introduction to systemic functional linguistics, 2nd edition, new York.

Halliday, M.A.K, 1994, An introduction to functional grammer, Edward Arnold, London.

Halliday, M.A.K.& matthiessen, Christian M.I.M, 2014, Hallidays introduction to functional grammer, fourth edition, routledge, London& new York.

Halliday, M.A.K.& R. Hasan, 1976, COHESION IN ENGLISH, London ,longman.

Tompson, Geoff, 2014, introducing functional Grammer, third edition, routledge, London& new York.


## پەراوێزەکان

(١) لەڕێزمانی ئەرکیی سیستەمیدا ئەم زاراوەیە بەواتای کردار و ڕەفتار و چالاکی دێت، واتە هەمو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لەڕێگای ئەنجامدانەوە بەدەست دێت، بەپێچەوانەی زانیاری کە پێویستی بەئەنجامدانی هیچ چالاکییەک نییە.

(٢) ئامانج (**goal**) زاراوەیەکە لای هەندێک لەزمانەوانان بەکاردێت، وەکو بەشێک لە شیکارکردنی ڕێزمانی ڕستە، کە ئاماژە بەو بەشە یان بەو شتە دەکات کە لەلایەن کاری ڕستەکەوە کاری تێکراوە، بۆ نمونە:

- پشیلەکە مشکەکەی گرت.

لێرەدا شتێک گیراوە کە (مشک)ەکەیە، کەواتە مشک دەبێتە ئامانج، لەلایەن زمانەوانانیشەوە زاراوەی جیاواز بەرانبەر ئامانج بەکارهێنراوە، لەوانە: recipient, patient کە بەواتای وەرگر، یان کارتێکراو دێن(crystal, 2008: 214).